# دەستووری کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەورووپا

یەکەم - ناو - کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەورووپا .

دووەم - ئامانجە بنچینەییەکانی :

١ - بەهێز کردنی پەیوەندی لە نێوانی خوێندکارانی کورد لە ئەورووپا و هەوڵدان بۆ جێ بەجێ کردنی گیروگرفتی خوێندنیان .

٢ - هێنانە دی هاریکاری مادی لە نێوانی خوێندکارانی کوردا لە ئەورووپا .

٣ - گەشە پێدانی زانستی ی نیشتمانی کورد و هەوڵدان بۆ سوودی گەلی کورد و مەسەلە نیشتمانییەکەی .

٤ - ئاساندنی گەلی کورد و ولاتەکەی ( کوردستان ) و مەسەلە نیشتمانییەکەی بە گەلانی جیهان .

٥ - بەهێزکردنی گیانی هاوکاری و دوستایەتی لە نێوانی خوێندکارانی کورد و خوێندکارانی ولاتانی کەدا وە پەیوەندی بەستن لەگەڵ ڕێکخراوی خوێندکاران و غەیری خوێندکاران دا لە نیشتمانی و لە جیهانی وە هاوکاری کردن لەگەڵیانا بە پێی ئامانج و چاکەی هەردوولا .

٦ - بەشدار بوون لە تێکۆشانی گەلی کوردا وە لایەنگیری تێکۆشانی هەموو گەلانی جیهان دژی امپریالیزم و کۆنەپەرستی و ڕژێمی دیکتاتۆرییەوە لە پێناوی ئازادی و دیموکراسی ئاسایش لە جیهان دا .

سی یەم - کۆمەڵە گۆڤارێکی دەوری بە ناوی ( کوردستان ) ەوە دەر ئەکات کە ئەبێتە ئورگانی کۆمەڵە .

چوارەم - ئەندامەتی :

١ - هەموو خوێندکارێکی کورد یا دانیشتووی کوردستان کە لە ئەورووپا بخوێنێ ئەتوانێت ببێت بە ئەندامی کۆمەڵە ئەگەر :

ا - بە دەستووری کۆمەڵە قایل بوو وە هەوڵ بدا بۆ هێنانەدی ئامانجەکانی .

ب - ئابوونەی ساڵانە ( بەلای کەمەوە سی پارەندی ئنگلیزی یا ئەوەندەی ئەو ) بدات .

٢ - کۆمیتەی لق یا کۆمیتەی بەڕێوەبەری گشتی ئەبێت دڵنیا بن لە بوونی مەرجەکانی بەندی پێشوو لە داخوازی ئەندامەتی دا .

٣ - ئەگەر ئەندام بە پێچەوانەی دەستوور جولایەوە یان کارێکی وای کرد کە زیان بە کۆمەڵە یا بە گەلی کورد ببەخشێت خۆی تووشی ئەم سزایانەی خوارەوە ئەکات :

ا - سەرنج ڕاکێشان ( انذار ) ئەمجا سەرشکێنەکردن ( توبیخ ) بە بڕیاری کۆمیتەی لق .
ب - هەڵپەساردن ( تجمید ) بە بڕیاری کۆمیتەی بەڕێوەبەری گشتی .
ج - دەرکردن بە بڕیاری کۆنگرەی گشتی .

پێنجەم - ڕێکخستنی کۆمەڵە - ڕێکخستنی کۆمەڵە لە سەر ئەم بنچینەیەی خوارەوە ئەبێت :

١ - کۆنگرەی گشتی :

ا - پێک دێت لەو ئەندامانەی کە تیا ئامادە ئەبن .

ب - بەرزترین دەسەلات بەدەستی کۆمەڵەیە وە بۆی هەیە دەسکاری دەستووری کۆمەڵە بکات بە کەمترین زۆربەی دەنگ وە لە کاتی یەکبوونی دەنگەکان دا ئەو لایە سەر ئەکەوێت کە سەرۆکی کۆبوونەوەکە لایەنگیری ئەکات .

ج - ساڵی جارێک ئەبەسترێت وە لە کاتی پێویستی دا ئەتوانرێت کۆنگرەیەکی ناکاو ببەسترێت لەسەر داوا کردنی بەلای کەمەوە دووسێ یەکی ئەندامانی کۆمەڵە یا دوو سێ یەکی ئەندامانی کۆمیتەی بەڕێوەبەری -

گشتی وە لە هەردوو بارەکەدا ئەبێت ئەندامانی کۆمەڵە لە شوێن و کاتی کۆنگرە بەلای کەمەوە مانگێک لەوەو پێش ئاگادار بکرێن .

د - تەنیا کۆمیتەی بەڕێوەبەری گشتی مافی دانانی کات و شوێنی کۆنگرەی هەیە .

ه - پێش خوێندنەوەی ڕاپۆری کۆمیتەی بەڕێوەبەری گشتی لە ئەندامانی کۆنگرە کۆمیتەیەک هەڵئەبژێردرێ بۆ بەڕێوەبردنی کۆبوونەوەکانی کۆنگرە .

<u>٢ - کۆمیتەی بەڕێوەبەری گشتی ( ک. ب. گ. ) :</u>

ا - بەرزترین دەسەڵات بەدەستی کۆمەڵەیە لە نێوانی دوو کۆنگرەدا .
ب - پێکدێت لە حەوت ئەندام و دوو ئەندامی جێگر کە لە لایەن کۆنگرەی گشتییەوە هەڵئەبژێردرێن .
ج - پێش کۆنگرە و پاش کۆنگرە کۆئەبێتەوە وە لە یەکەم کۆبوونەوەیدا لە پاش کۆنگرە لە نێوانی ئەندامەکانیا سکرتاریات لە سێ ئەندام وە موحاسیبی گشتی و سکرتێری نووسینی گۆڤاری ( کوردستان ) هەڵئەبژێرێ . سکرتاریات بڕیارەکانی ک. ب. گ. لە نێوانی دوو کۆبوونەوەدا جێ بەجێ ئەکات وە بەلای کەمەوە هەر سێ مانگ جارێک کۆئەبێتەوە .
د - ک. ب. گ. پرۆگرامی کۆنگرە ئامادە ئەکات و لە یەکەم کۆبوونەوەی کۆنگرەدا ئەیخاتە پێش چاوی ئەندامەکانی .
ه - ک. ب. گ. لە نێوانی دوو کۆنگرەدا بەلای کەمەوە جارێک کۆئەبێتەوە .
و - ک. ب. گ. ڕاستەوخۆ بەرپرسیارە بەرامبەر بە کۆنگرەی گشتی .

٣ - <u>لق</u> : ا - پێکدێت لە ئەندامانی کۆمەڵە لە وڵاتێکدا وە بە بڕیاری ک. ب. گ. دائەمەزرێ .
ب - بەرزترین دەسەڵات بەدەستی [illegible] وە بەلای کەمەوە ساڵی جارێک کۆئەبێتەوە .
ج - لە کۆبوونەوەی ساڵانەیدا ئەندامانی کۆمیتەی لق ئەبژێرێت .

٤ - <u>کۆمیتەی لق</u> : ا - لە سێ تا حەوت ئەندام پێکدێت .
ب - کاروباری لق ئەبات بەڕێوە وە دەورێکی باڵای ئەبێت لە هێنانەدی ئامانجەکانی کۆمەڵەدا وە جێ بەجێ کردنی بڕیارەکانی لەو وڵاتەدا کە کاری تیا ئەکات بە مەرجێک لە سیاسەتی ک. ب. گ. دەرنەچێت .

<u>شەشەم</u> - <u>دەرامەتی کۆمەڵە</u> :

١ - دەرامەتی کۆمەڵە لەمانەی خوارەوە پێکدێت :

ا - ئابوونەی ساڵانە ب - باربووی ئەندامان و دۆستانی کۆمەڵە ج - دەسکەوتی چالاکیکانی کۆمەڵە .

٢ - دەرامەتی کۆمەڵە لە نێوانی کاسەی لق و کاسەی گشتیدا بەم جۆرە دابەش ئەکرێت :
کاسەی لقەکان بەلای کەمەوە ٥٠ ٪ ی دەسکەوتیان ئەدەن بە کاسەی گشتی بەرامبەر بەمە کاسەی لقەکان ئەتوانن بە پێی پێویستی لە کاسەی گشتی یارمەتی داوا بکەن .

---

کۆنگرەی دوانزەهەم کە لە ٢٧ - ٣١ / ١٢ / ١٩٦٧ لە شاری بێلگراد - پایتەختی کۆماری یەکگرتووی سۆسیالیستی یوگوسلاڤیا بەسترا بڕیاری لە سەردا .

×

# نوروز العيد القومي للشعب الكردي

ايها الزملاء الاعزاء

في مثل هذا اليوم الحادي والعشرون من آذار من كل عام ، تمر علينا ذكرى عزيزة غالية على قلب كل مواطن كردي ، حيث دكت جموع الفلاحين وانكادحين الاكراد قلاع الاستبداد وحصون الظلم والطغيان التي كانت تتمثل بحكم الطاغية (( ضحاك )) . وكان على رأس هذه المجموعة الثائرة الزاحفة ابن شعبها البار القائد كاوه الحداد ذلك لان الاستبداد الذي توصل اليه الطاغية بحكمه على هذا الشعب الذي فطر على الحرية ونبذ الظلم ، لم يكن الا شكلا من اشكال الظلم الذي تعرض اليه الشعب الكردي خلال جميع مراحل تاريخه العريق ، ونحن ان كان لنا ان نتعظ من تجارب اجدادنا البواسل في ثوراتهم خلال حقب التاريخ على جميع اشكال الاستبداد والظلم ، علينا ان ندرك بوعي ويقظة المرحلة التاريخية الحاسمة التي يمر بها شعبنا الكردي في هذا العصر من اضطهاد وانتهاك لابسط حقوقه الانسانية .

لنرص الصفوف ولنوحد القوى لنستطيع أن نقف كالبنيان المرصوص بوجه جميع محاولات الاعداء ومؤامراتهم ولنجعل ايامنا اعيادا وانتصارات اذ نتخلص من الانظمة الرجعية والدكتاتورية المقيتة التي يرزح تحتها شعبنا في كافة اجزاء وطنه كردستان ففي هذا العصر الذي يسمى بالحق عصر الحرية وانتصار الشعوب ، عصر الذرة وغزو الفضاء .

يمر علينا عيد نوروز هذا العام ولازال شعبنا الذي حرم من ابسط حقوقه الانسانية شاهرا سلاحه في ثورته البطلة في كردستان العراق ضد الحكم الدكتاتوري الرجعي البغيض مضحيا بالاف الضحايا من ابنائه البررة المياميين وهدفه أن يعيش بحرية وسلام في عراق ديمقراطي وضمنه الحكم الذاتي لكردستان ، وكم من مرة اعرب شعبنا عن آماله في العيش بسلام على ان تحفظ له حقوقه القومية وخير شاهد على ذلك هو اتفاقية ٢٩ حزيران التي ارتضى بها شعبنا كحد ادنى لحقوقه لوضع حد لسياسة اقتتال الاخوة .

واليوم فان الحكومة العراقية التي تماطلت اكثر من اللازم مدعوة لتنفيذ الاتفاقية وترك اساليب الدس وتشتيت شمل القوى الوطنية المتمثلة في ثورتنا البطلة .

ايها الزملاء :

اذ نقدم لكم اصدق التهاني بمناسبة عيدنا القومي نوروز ونحن في ديار الغربة نجد بان خير وسيلة لخدمة اهداف شعبنا هو ان نرص صفوفنا وان نلتف حول جمعيتنا البطلة على اختلاف نزعاتنا ، وليسجل لنا التاريخ اعيادا واعيادا .

عاشت ذكرى نوروز المجيدة .

عاش نضال الشعب الكردي البطل المتمثل في ثورته الصامدة في كردستان العراق .

لتتعزز وحدة القوى التقدمية والوطنية كصخرة صماء تتحطم عليها مؤامرات الاستعمار والرجعية .

لتعاشت جمعيتنا المحافظة الامين على مصالح طلبتنا واهداف شعبنا .

جمعية الطلبة الاكراد في اوربا

فرع بلغاريا